

# ئاڵوگۆڕ لە شوێنی خۆپیشاندان

### کوردستانیانی بە هەڵوێست لە وڵاتی سویسرا !

بەم جۆرە ئاگاداری هەموو کوردستانیانی وڵاتی سویسرا دەکەین، کە هەندیک ئاڵوگۆڕ لە ناو خۆپیشاندانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 29 ی ئەم مانگە ڕوویداوە، تکایە لە بەرچاویی بگرن! ئەویش پاش ئەوە دێت کە دەزگای پۆلیسی شاری بێرن پاشگەزبوونەوە لە پیدانی مۆڵەتی ئەنجامدانی خۆپیشاندان لەبەردەم باڵوێزخانەی تورکیا لەو کات و بەروارەدا کەوا پێشتر ڕەزامەندیان لەسەر دابوو. هەرچەندە کەسی پەیوەندیداری خۆپیشاندانەکە زۆر بە بەهانەو بیانووەکانی لایەنی پۆلیس قایل و باوەڕدار نەبوو، بەڵام سەرئەنجام بەوە ڕازیبوو <u>شوێنی خۆپیشاندانەکە بۆ بەردەم باڵوێزاخانەی ئەمەریکا بگوێزرێتەوە</u>، ئەویش بەو مەرجەی نوێنەرانی خۆپیشاندانەکە بتوانن لە گەڵ سەفیری ئەمەریکا دانیشتن بکەن و هەڵوێست و داخوازیەکانی گەلی کوردیان پێرابگەێنن. ئەمە بێ لەوەی پەیامێکی کەتبی خۆپیشاندانەکەش بۆ حکومەتی ئەمەریکا بەرزبکەنەوە.
داواکارین لە خۆپیشاندەران بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکە ڕووبکەنە بەردەم باڵوێزخانەی ئەمەریکا، کە کات و شوێنەکەی بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

**کومیتەی دژ بە لەشکرکێشی تورکیا**
**20.10.2007 سویسرا**

کات و شوێنی خۆپیشاندان:
بەروار : ڕۆژی دووشەممە ، 29.10.2007
کاتژمێر: 14.00 _ 15.30
شوێن : Besammlung in Thunplatz 3005 Bern

Besammlung in
Thunplatz 3005

